زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر

کۆلێژی تەکنیکی کارگێری

بەشی تەکنیکی میدیا

# کارامەیی ئەکادیمی

# Academic Skills




٢٠٢٣-٢٠٢٢

## دەروازەیەك

لەمیانەی وانە ووتنەوەمان لەکۆلێژی تەکنیکی کارگێری بەشی تەکنیکی میدیا، زۆرترین پرسیاری قوتابیان کە رووبەرومان دەبێتەوە. دەربارەی ئەنجامدانی سیمینارو ئامادەکردنی راپۆرت وپەیپەرو توێژینەوەی زانستی یە. بێگومانین کەهەمان پرسیار روو بە رووی مامۆستاکانی دیکەش بۆتەوە.

هاوکات تێگەیشتن و ئەنجامدانی جۆرا وجۆری قوتابیانمان بەرچاوکەوت، ئەم خالە هاندەر بوو بۆ ئەوەی ئەم نامیلکە سادەیە پێشکەشی قوتابیان بکەین. بەمەبەستی وەلامدانەوەیەکی زانستی پرسیارەکانیان دەربارەی کارامەیی ئەکادیمی و ئەنجامدانی چالاکیە زانستیە داواکراوەکان لە (پۆلۆنیا پرۆسێس) کە لەماوەی چوار ساڵی خوێندنی زانکۆییان لەبەشی تەکنیکی میدیا دەبێت زانیارییان لەبارەوە هەبێت راهێنانی لەسەر بکەن و دواترئەنجامی بدەن بەسەرکەوتوویی. هەرچەندە ئەم نامیلکەیە (سەرە قەڵەمێکە) بەبەراورد بە فراوانی و قوڵی ئەو سکێلە ئەکادیمی و زانستیانەی کەئاماژەمان پێداوە. وەك سەرەتایەك بۆ فێربوونی سکێڵی ئەکادیمی بەهیوام ئەم نامیلکە زانستی یە بەسوود بێت بۆ قوتابیانی ئازیز.

**ئامادەکردنی:**

**م. ی. گەشاو علی**

**بەشی تەکنیکی میدیا**

## ئەرکـی سـەربار و کـارامـەیـی ئـەکـادیمـی

بە پێ ی بنەماکانی سستمی پۆلۆنیا پرۆسێس بۆ خوێندنی زانکۆیی، قوتابی شان بەشانی ئەو ئامادەبوونەی لە کلاس هەیەتی لە زانکۆ، کۆمەڵێك ئەرکی دیکەی لەئەستۆدایە بۆ بەرزبوونەوەی سکێڵی ئەکادیمی (کارامەیی ئەکادیمی و زانستی) جێ بەجێکردنی بەپێویست دانراوە کەلەخوارەوە ئاماژەی بۆکراوە :-

### کارامەییە ئەکادیمییەکان Academic Skills

- نووسینی ئەکادیمی-Academic writing
- نووسینی تێبینی-Note taking
- ڕێکخستنی کات-Time management
- نووسینی ڕاپۆرتی ئەکادیمی-Academic Report
- بەکارهێنانی سەرچاوەو ئاماژەدان بەسەرچاوە-Citation & Referencing
- خۆبەدوورگرتن لە دزی زانستی-Avoid Plagiarism
- توێژینەوەی زانستی-Scientific Research
- بەشداریکردن لە چالاکییە زانستییەکان-Participate in Scientific Activities
- پۆستەری ئەکادیمی-Academic Poster
- بەڵگەسازی و قایلکردن-Argumentation & Persuasion
- بیرکردنەوەی ڕەخنەیی-Critical Thinking
- دیبەیتی ئەکادیمی-Academic Debate
- ئاکاری پیشە-Professional Ethics
- گەیاندن-Communications

لێرەدا جەخت لە دوو سکیڵی سەرەکی دەکەین کە پێویستیەکی هەنووکەیی قوتابیانی بەشی تەکنیکی میدیایە وەك:

## (پێکهاتە و ئامادەکردنی ڕاپۆرت و سیمینار)

١ - ئامادەکردن و پێشکەشکردنی سیمینار.

٢- بنەماکانی ئامادەکرنی راپۆرتی زانستی.

## سیمینار: Seminar

## هەنگاوەکانی ئامادەکردنی سیمینار

- بیرۆکە Idea و گۆڕینی بیرۆکە بۆ ناونیشانی بابەتی Topic سیمینار.
- پابەندبوون بەکاتی دیاریکراوی سیمینار.
- دەستپێکی سیمینار و خستنە ڕووی سەرنجەکان بەڕەچاوکردنی پلەبەندی لۆجیکی بابەتەکەت.
- خستنە ڕووی ئەنجام و تێگەیشتنە تایبەتەکانت.
- دەرفەتدان بۆ پرسیارکردن.
- کۆتایی پێهێنان.
- ئامادەکردنی سیمینار بە پاوەرپۆینت دەبیت. ژمارەی سلایدەکان بەپێی زۆر و کەمی ناوەرۆکە.

<u>تێبینی :</u>

ئەوەی پێویستە لەکاتی (ئامادەبوونی) سیمینناردا ڕەچاوبکرێت:

- سەرنجەکانت بەپرسیار دەخەیتەڕوو نەك وەك ڕاوبۆچوون و پێشنیار.

- ڕەچاوکردنی کات لەکاتی پرسیارکردن و وەڵام وەرگرتنەوە.

## هەنگاوەکانی ئامادەکردنی ڕاپۆرت

١- لاپەڕەی سەرەکی ناونیشان و ئامادەکار (Title & Author)

٢- پێشەکی (Introduction)

٣- ئامانج و مەبەست لە ڕاپۆرت (Purpose of report)

٤- ناوەڕۆکی ڕاپۆرت و شیکردنەوەکان (Body of report_detailed discussion)

٥- ئەنجامەکان (Results)

٦- سەرچاوەکان (Reference)

پێوویست ناکات ڕاپۆرت پڕبێت لە وێنە و ئیموجی هتد .. ڕاپۆرت پێویستە بەشێوە ئەکادیمیەکەی درووستی بکەیت بۆ ئەوەی بکەوێتە ناو قاڵبی ڕاپۆرتی ئەکادیمی بۆیە پێوویستە جیاوازی نێوان ڕاپۆرتی ئەکادیمی و ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانی و ڕاپۆرتی تەلەفزیۆنی و ڕاپۆرتی ئابووری... هتد بکەین.

لە نوسینی پێشەکی .. ڕاپۆرت ئاماژەدان بە ناونیشانی ڕاپۆرتەکە کە باسی چی دەکات وە تیشك خستنە سەر چەمکەکان و ئامانجی ڕاپۆرتەکە بەکورتی بەبێ باسکردنی ووردەکاری، لە ناوەڕۆك پێویستە لۆژیکیانە مامەڵەی لەگەڵ بکەین بۆ نموونە گەر دووتەوەرت هەبوو، تەوەری یەکەم چیە باسی ئەوە دەکەیت سەرەتا، پاشان تەوەری دووەم دواتر ئەو پەیوەندیەی لەنێوان ئەو دوو تەوەرەدا هەیە ئاماژەی پێ دەکەیت وەك ئەم نموونەیە:- ووتەبێژ و قەیرانەکانی حکومەت، پێویستە سەرەتا باسی ووتەبێژ بکەیت و پێناسەی بکەیت دواتریش باسی ئەو حکومەتە بکەیت کە قەیرانەکەی تووش بووە یاخود چەمکی حکومەت بەتەنها هەروەها باسی قەیرانەکەی بکەیت و ئەرکی حکومەت و ووتەبێژ لەم کاتەدا چیە و داتا زانیاری کۆبکەیتەوە لەسەر دەرئەنجامی قەیرانەکە.

دوو جۆری بەكارهێنانی سەرچاوە هەیە:

١ -ئەمانەتی زانستی بەكاربێنە.

٢ -بەشێوازێك ئەم ڕاپۆرتە بنووسە سەرچاوەكانی ڕوون و دیاربێت.

## ئامانج لە نووسینی راپۆرت:-

١- بۆ زانیاری بەخشینە.

٢- لەسەر بنەمای بابەت ئەنجام دەدرێت.

٣- شرۆڤە و شیكردنەوەی گشتی دەبێت (تێمپلێت).

٤- داتاو زانیاریە كۆكراوەكان پوخت دەكرێتەوە.

٥- شرۆڤەو شیكردنەوەی كەسانیتر دەخەیتەڕوو.

****************************

## ئامادەكردنی پەیپەر ( الورقة البحثية )

ئامادەكردنی پەیپەر كارامەییەكی دیكەی زانستی یە، كە دەكرێ بگوترێ هەڵێنجراوی توێژینەوەی زانستی یە یاخود شێوەی كورتكراوەی توێژینەوەی زانستی یە تارادەیەك، بێگومان كەم و زۆری ژمارەی لاپەرەكان و برگە و بەشەكانی بەگویرەی بابەت و جۆری كێشەی پەیپەرەكە دەكرێ لەگۆراندا بیت.

نووسینی پەیپەری زانستی تارادەیەكی نزیك، پەیرەوكردنی هەمان هەنگاوەكانی نووسینی توێژینەوەی زانستی یە، كە لە خوارەوە بەكورتی باسی دەكەین.

ئامانج لە ئامادەكردنی پەیپەر: قایلكردن و یەكلاكردنەوەی كێشەیەكە كە لەسەر بنەمای بوونی كیشەكە ئەنجامدەدرێت یاخود بەمەبەستی وەلامدانەوەی پرسیارێك. لەرێگەی بەكارهینانی میتۆدی زانستی، شیكردنەوەی داتاو زانیارییەكان لەرێگەی یەكێك لەسەرچاوەكانی كۆكردنەوەی داتاو زانیاری كە پیشتر ئاماژەی پێدرا.

## جیاوازی نێوان ڕاپۆرت و پەیپەر

| ڕاپۆرت | پەیپەر |
|---|---|
| ئامانج لێی: بۆ زانیاری بەخشینە | ئامانج لێی: قایلکردن و یەکلاکردنەوەیە |
| لەسەر بنەمای: بابەت ئەنجام دەدرێت | لەسەر بنەمای: پرسیار یان کێشە ئەنجام دەدرێت |
| شرۆڤەو شیکردنەوەی گشتی دەبێت (تێمپلێت) | شیکردنەوەی ووردو بەڵگەی زانستی(میتۆد) |
| داتاو زانیاریە کۆکراوەکان پوخت دەکرێتەوە | خۆت داتاکان دروست دەکەیت بۆ پشتڕاستکردنەوەی تێگەیشتنەکانت |
| شرۆڤەو شیکردنەوەی کەسانیتر دەخەیتەڕوو | خۆت شیکردنەوەو شرۆڤە بۆ داتاکان دەکەیت |

*****************************

## سەرچاوەکانی کۆکردنەوەی زانیاری (Sources of Data collection)

داتاکان بە دوو ڕێگا بەدەست دێن: قوتابی ڕاستەوخۆ داتاکان بەدەست دەخەن، یاخود لەڕێگەی دامەزراوەی تایبەتمەند بە کۆکردنەوەی داتاو زانیاری یان هەوڵ و ئەزموونی کەسانیتر.

- **سەرچاوەکانی کۆکردنەوەی زانیاری پۆلێن دەکرێن بۆ دووجۆر:**

**یەکەم : سەرچاوە باوەکان (Traditional Resources)**

**١. سەرچاوە ڕاستەوخۆکان ( Primary Sources)**

- ئامار (Documents & Records)
- چاوپێکەوتن (Interviews)
- فۆرمی ڕاپرسی (Questionnaires & Surveys)
- چرە گفتوگۆ (Focus Groups)
- تێبینیکردن (Observations)

## ٢- سـەرچاوە ناڕاستـەخۆکان (Secondary Sources)

(کـتـێب، گـۆڤـارە زانسـتـییـە مـتمانـە پـێـکـراوەکـان، داتـای تـۆمـارکـراو و ڕاپـۆرتـە فـەرمـییـەکـان)

## دووەم :سـەرچاوە ئـەلیـکـترۆنییـەکان (Electronic Resources)

(کـتـێب و تـوێژینـەوە ئـەلیـکـترۆنییـەکـان، وتـارو بـابـەتـی ویـبسـایـتـەکـان، داتـابـەیسـە فـەرمـییـەکـان)

*****************************

## توێژینـەوەی زانسـتـی :

میـتـۆدی تـوێژینـەوەی زانسـتـی: بریتـی یـە لـە بـەکـارهـێـنان و گـرتـنـەبـەری ڕێـگـاو شـێـوازی زانسـتـی بۆ گـەیشـتـن بـە راسـتـییـە نـوێـکـان و سـەلـمانـدنیان.

## هـەنـگـاوەکـانـی توێژینـەوەی زانسـتـی :

زۆرینـەی شـارەزایان هـەنـگـاوەکـانـی تـوێژینـەوەی زانسـتـی لـەم خـاڵانـەی خـوارەوە پـوخـت دەکـەنـەوە کـە بریتـین لـە:

**١- دیاریکـردنـی کـێشـەی توێژینـەوە /** هـەنـگـاوی سـەرەکـی تـوێژینـەوەیە، کـە کـێشـەکـە دەناسـێنرێت، کـێشـەی تـوێژینـەوە دەکـرێ پـرسـیارێك بێت لـە بـابـەتـێکـی دیاریکـراو یاخـود خـاڵـی نـاکـۆکـی نـێوان ئـەنجامـی تـوێژینـەوە ئـەنجامـدراوەکـان بێـت کـە هـێشـتـا چارەسـەرنـەکـراوە، یان لایـەنێکـی تـەواونـەکـراوی مـەعـریفـە بێـت یان حـاڵـەت و دیاردەیـەك لـەهـەر لایـەنێکـی ژیاری دا بێت کـە تـوێژینـەوەی لـەبارەوە ئـەنجام بدرێت بـە دیاریکـردنـی سـروشـت وبـواری کـێشـەکـە، دەبیـت تـوێژەر هـۆکـاری هـەڵـبژاردنـی کـێشـەکـە بخـاتـە ڕوو بـۆ سـەرپـەرشـتـیار.

**٢- گـرنـگـی توێژینـەوە /** پـێویسـتـە بـە ووردی ورووونـی تـوێژەر گـرنـگـی وسـوودی ئـەنجامـدانـی تـوێژینـەوەکـە باس بـکـات، کـە ئـەنجامـدانـی تـوێژینـەوەکـەی لـەبارەی ئـەو کـێشـەیـەوە کـە دەسـتـنیشـانـی کـردوە چ سـوودێك دەبـەخـشـێ.

**٣- ئامانجی توێژینەوە /** دەبێت توێژەر ئامانجی تویژینەوەكە دەستنیشان بكات. بۆ بەدەست هێنانی چ ئامانجێك ئەنجامی دەدات روونی بكاتەوە.

**٤- پرسیارەكانی توێژینەوە /** ئەو پرسیارانەی توێژەر هەیەتی لەبارەی كیشەی توێژینەوەكە. دەكرێت بیخاتە روو كەوا لە هەوڵی بەدەستهێنانی وەڵامی ئەو پرسیارانە دایە لەئەنجامدانی توێژینەوەكەیدا.

**٥- سنووری توێژینەوە /** لە سنووری توێژینەوە ئاماژە بە رەهەندەكانی (مرۆیی، بابەتی، زەمەنی، جوگرافی) (كۆمەڵگە و نموونەی وەرگیراو لەكۆمەڵگە سامپل) بدرێت بەتەواوی دەست نیشان بكرێن.

**٦- میتۆدی توێژینەوە /** ئەو میتۆدەی كە توێژینەوەكە پشتی پێ دەبەستێ باس دەكرێت لە چەند دێرێكی كەمدا. دەكرێت لە میتۆدێك زیاتر بەكاربهێنرێت بە پێی جۆر و فراوانی كێشەكە.

**٧- ئامرازی بەكارهاتوو لە توێژینەوەكە /** لێرەدا باس لەو ئامرازانە دەكرێت كە لە توێژینەوەكە بۆ كۆكردنەوەی داتا و زانیاری بەكاردەهینرێن وەك: (چاوپێكەوتن، فۆرمی راپرسی، سەرنج و تێبینی) دەبێت دەستنیشان بكرێن و هۆكاری بەكارهێنانیان دیاری بكرێت.

**٨- كەرەستە ئامارییەكان /** گەر لە توێژینەوەدا پشت بە ئامار ببەسترێت، دەبێت ئەو یاسا ئامارییانە دیاری بكرێن كە ئەگەری بەكارهێنانیان لە تویژینەوەكەدا هەیە.

**٩- دەرئەنجامی توێژینەوە /** بە پێی ئەو خاڵانەی لە پرسیار و كیشە و ئامانجی تویژینەوەكەت دیاریت كردوە، لەسۆنگەی ئەو خاڵانەوە دەرئەنجام و پێشنیار دەنووسیت.

**١٠- سەرچاوەكان /** توێژەر لە رێگەی بەدواداچون و خوێندنەوەی سەرچاوە زانستی و ئەكادیمیەكان دەتوانێ توێژینەوەكەی دەوڵەمەند بكات. وەك: كتێب، گۆڤارە زانستییەكان، توێژینەوە ئەنجامدراوەكان، سەرچاوە ئەلكترۆنیەكان.

چاوپێکەوتنەکان ...هتد، لێرەدا توێژەر لەبەشی سەرچاوەکان ئاماژە بەو سەرچاوانە دەدات کە سوودی لێوەرگرتوون وەك ئەمانەتێکی زانستی، ریزبەندیان دەکات بەپێی پیتەکان و جۆرو زمان، یاخود لەسەر شێوازی کلاسیکی بۆ ریزبەندی سەرچاوە یان بە شێوازی شیکاگۆ، هارڤارد.

**تێبینی /** ئەو خاڵانەی سەرەوە کە وەك پلانی توێژینەوە باسکران، مەرج نییە بەجێگیری بمێنێتەوە، بەڵکو بەپێی جۆراو جۆری کێشە و پسپۆری زۆر لایەن و بوار دێنە پێشەوە رەنگە گۆرانکاری لە پلانی توێژینەوەکەدا روودات، بۆیە ئەگەرەکان هەمیشە بە کراوەیی بەجێدەهێڵرێن.

لۆگۆی زانکۆ

ناوی زانکۆ، بەش و قۆناغ

# ناونیشانی راپۆرت

ناوی سەرپەرشتیار و قوتابی

2023-2022

نموونەی پەڕەی یەکەمی راپۆرت

---

لۆگۆی زانکۆ

ناوی زانکۆ، بەش و قۆناغ

# ناونیشانی سیمینار

ناوی سەرپەرشتیار و قوتابی

2023-2022

نموونەی پەڕەی یەکەمی سیمینار

ناوی زانکـۆ

ناوی بەش

قۆناغ

# نـاونیشـانـی پەیپەر

ناوی توێژەر

مامۆسـتای سـەرپەرشـتیار

نموونەی پەڕەی یەکەمی پەیپەر

2023-2022

**تێبینی /**

پەڕەی یەکەمی توێژینەوەی زانستی هەمان شێوازی پەیپەرە.

## سەرچاوەکان :

١- پ. ی. م. هەردەوان محمود نەقشبەندی، کارامەیی ئەکادیمی، ۆورك شۆپ، کۆلێژی تەکنیکی کارگێری هەولێر، بەشی تەکنیکی میدیا، هەولێر، ٢٠٢٢-٢٠٢٣.

٢- پ.د. هێرش رسول مراد، 10 هەنگاو بۆ نووسینی توێژینەوەی دەرچوون (دبلۆم، بەکالۆریۆس) لەبواری راگەیاندن و پەیوەندی گشتی، سلێمانی،٢٠٢١.

- Analysis and Argument (Palgrave Study Skills) 2nd edition: In Stock, 2005.
- Chaffee, J., Thinking Critically, 7th edition. Boston: Houghton Mifflin Company. 2003.
- Richard W Paul.Linda Elder, Critical Thinking: Tools for Taking Charge of Your Professional and Personal Life Pearson 2nd edition, FT Press, 2013.
- John Butterworth. Geoff Thwaites, Thinking Skills: Critical Thinking and Problem Solving (Cambridge International Examinations), Cambridge university press, 2013

# نامیلکەی

# كارامـــەیی ئەكـادیمی

# Academic Skills

٢٠٢٢-٢٠٢٣